بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر)، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

له بيدايەت عوذرم هەیە ئەگەر لە دەرسی پێشترێ بەعضە ئیشكالات دروست بووبێ لە ذهنی بەعزەك لەو برایانە، لە صیغەی تەحویلی قانونی قورئان لە بۆ واقیع، لە ئەسنای تەطبیقی خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم)، خوا تەوفیق بدا إن شاءالله ئەوڕۆ لە خزمەتتان زیاتر ئەو مەوضوعە روون دەكەینەوە بە ئەمثیلە هەر لە غەزوەی بەدر. مولاحەظەی دووەم: بە هەموو تەواظوعەوە، بە هەموو كەموكورتیەوە ئیعتیرافی پێ دەكەم، ئەوەی كە لەو دەرسانە لەو ماددانە طەڕحی دەكەم لە خزمەتتان تەمثیلی چ فكرەك و رەئییەك ناكا، تەمثیلی هیچ خەتەكی سیاسی ئیسلامی ناكا، ئیننەما ئیستینتاجاتی گیرفانی خۆمە، ئەگەر ئیصابەم كردبێ ئەوە تەوفیقە لە باری تەعالاوە ئەگەر غەلەتیشم كردبێ دوعای غوفڕانم لەبۆ بكەن إن شاءالله.

نوقتەی سێیەم: لە خزمەتتان هەر ئیشكالەك دروست دەبێ لەو مەوزوعانەی كە ئەمن لە خزمەتتان بەحس دەكەم، حەزم لێیە مەوضوعەكە دیسان بگەڕێتەوە كنە خۆم، لۆوەی بتانم ئەگەر خوا تەوفیقی دام زیاتر لەبۆتانی روون بكەمەوە، ئەمما ئەگەر خوانەكا ببتە ئیشكال و سین و جیم لە مێشكی موسڵمان ئەو وەختی ئەمن گوناهباردەبم، ئەنگۆش گوناهبار دەبن، فە ئەولاتر ئەوهایە موڕاجەعەی یەكتر بكەین لۆوەی خوانەكا ئەگەر ئیشكالەك هەبوو لە ماددەی طەڕح دیسانەوە هەر بە تەوفیقی ڕەببانی بتانین ئەو ئیشكالە ئیزاحە بكەین،

حەفتەی پێشترێ لە خزمەتتان بە موختەصەری باسی سونەنی كەونیمان كرد، كە رب العالمين لەسەر وجود دوو نەوعە عیلمی طەڕح كردییە، بە دوو صیغەی موعەییەن ئەویش:

یەكەمین ئائەو نیظامە و ئەو مەخلوقاتانەی كە هەموو لە پێش چاومانە، دەبیبینین حسسی پێدەكەین كە گوتمان قانونی خاصی خۆی هەیە وفقی ئەو قانونەی ئیش دەكا كە خوا لۆی دانایە، ناومان نا سوننەی كەونیی.

دووەمینیش: كە رب العالمين بە قانونەكی ذاتی خۆی داییەزاندییە لەسەر ئینسان، بتانی خۆشی پێ بناسی وفقی ئەو قانونە وە بتانی لەگەر ئەو وجودەش وفقی ئەو قانونەی تەعامول بكا، ناومان نا سوننەی شەرعی، كە لە خزمەتتان بەحسی ئەوەمان كرد كە قورئان تەمثیلی ئەو قانونەی دەكا، قورئان تەمثیلی قانونی خوای دەكا هی شەرعی، وە گوتمان ئەو قانونە مەصدەڕی تەسخیرە لەبۆ

هەموو وجود، هەرچی ماددە هەیە هەرچی مەعنا هەیە لەو کەونەی بە واسطەی ئەو قورئانەی تەسخیر کرایە لەبۆ فیئەك کائینەك موعەییەن ناوی موئمینە.

هەر لەو قورئانەش تەصنیف هەیە لەبۆ ئەو ئەنواعانەی کە ئەمە ناومان ناینە ئینسان، لەو قورئانەی تەصنیفاتی بەشەری هەیە، دەست پێ دەکا بە ئینسان کە کەمترین مستەوای بەشەری هەیە، ئینسان کەمترین مستەوای بەشەری هەیە لە قورئان، ئەوجا سەبرسەبر ئائەو ذاتە کە ناوی ئینسانە بەرز دەبی کە فیطرەی ئیشدەکا لەبۆ مستەوایاتی موعەییەن ناوی دەبتە بەنی ئادەم، هێشتا فیطرەی زیاتر ئیش دەکا ناوی دەبتە بەشەر، هێشتا زیاتر برند دەبی بە فیطرە دەبتە موسلیم، موسلیم حالەکی قەلیقیە دەبی زوو تەطەوربی نەوعەن لەبۆ ئیمان، کە هاتە ناو دائیرەی ئیمان ئەوە حەددی ئەدنایە، ئەوجا سەبر سەبر لەوێش تەرەفوع دەکا هەتا دەگاتە مستەوای ئیحسان.

کە ئەو دەرەجەیەیە عیبادەتی خوای دەکا جل جلالە کأنە دەیبینی، ئەگەر ئەویش خوای نەدیت جل جلالە، ئیحساس دەکا هەموو وەختەك کە خوا ئەوی دەبینی، صیغەی تەعامول لەگەر ئەو قانونە شەرعییە وفقی ئائەو مستەوایاتانەیە، کە بەحسی تەسخیرمان کرد تەسخیرەکە لەبۆ فیئەی موئمینین هاتییە بەس، لەو کەونەی زمانی خاص هەیە، لوغەی خاص هەیە ئەو ماددەیە لەگەر بەشەری موئمین تەعامول دەکا، رب العالمین سری ئەو لوغەیەی دایتە بەس جوموعی موئمین، جەمعی موئمینیش لەناو داخیلی خۆی جیهازی پێیە بە واسطەی ئەو جیهازەی دێ تەحەکوم دەکا بەو وجودەی بەو مەخلوقاتانەی کە مەوجودە لە خاریج، ئائەوەیە تەطابوقییەتی سوننەی کەونی و شەرعی.

بە موختەصەری زۆر، ئەوەمان تەحویل کرد لەبۆ حەیاتی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم)، کە حەزرەت (صلی الله علیە وسلم) ئائەو نموذەجە نەوعییە بوو لەبۆ ئینسانی موئمین لە مستەوای قیممە کە تەعامولی کردییە لەگەر رب العالمین، ئیحساسی کردییە حەزرەت (صلی الله علیە وسلم) کە هەموو وەختەك خوای دەبینی، ئەگەر خواشی نەدیتبی خوا ئەوی دەبینی هەموو لەحضەك، لۆیێ هەموو ئینتاجی حەزرەت (صلی الله علیە وسلم) موطابیق بووە لەگە سوننەی شەرعی، کە قورئانە، کە لۆی دابەزییە، لەبەر ئەوەی ئائەو سوننە شەرعیەیە میفتاح بووە کلیل بووە لەبۆ سوننەی کەونی.

لۆیێش کەون لەبۆ ذاتی حەزرەت و جەمعی صەحابەی کە حەزرەت لەسەریان ماندی بووە هەمووی تەفتیح کرایە، لەبەر ئەوەی حەزرەت (صلی الله علیە وسلم) تانیتی تەعامولی کوللی لە مستەوای ئیرادەی خوای لەگەر سوننەی شەرعی بکا کە قورئانە، لۆیێ ئینتاجی حەزرەت (صلی الله علیە وسلم) لە سەدا سەد بووە، وە لە نەوعی ئیرادەی خواش بووە، ئینتاجی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) لەبۆ وجود لەبۆ بەشەرییەت لەبۆ هەموو سەکەنات و حەرەکاتی، هەر لەقتەك لە حەیاتی ئەو

حەزرەتەی وەردەگری (صلی الله علیه وسلم) لەو مستەوایەی دابووە، کە سەدا سەد وفقی وەی پاشانیش وفقی حەددی ئەعلا لەبۆ نەیلی رضوان الله، نەك بەس لەبۆ خۆی فەقەط، ئیننەما لەبۆ ئەو جەمعەی کە لەگەریشیان ژیایە.

لۆیێ عومەر ناوەك، کە ئەبوسەلەمە موسولمان بوو صەحابی بوو، خێزانەکەی پێی گۆ عومەرم دیت لە گەڕەکەکانی مەککەی کە گەیشتیە کنە من عومەر زمانی لەهجەی گۆڕابوو لە موخاطەبە لەگەر مە، ئەوە ئوم سەلەمە بە مێردی دەرێ، ئیحساس دەکەم موحتەمەلە عومەر قیچەك رونایی ئیمان چووبیتە ناو قەلبی، مێردی گوتی: والله لو أن حمار الخطاب أسلم ما أسلم عمر بن خطاب، ئەوها تەوەقوعی دەکرد، ئەمما تەوەقوعی کابرای بە خەطەء دەرچوو، ئەو عومەرە کە لە قەطاطی پێشتر بەحسمان کردییە، پاش وەفاتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە سێزدە ساڵ، سێزدە ساڵ بە هەموو مانگەکانی بە هەموو رۆژەکانی بە هەموو سەعات و دەقائیقی هەرچی کردبی ئەوجا رب العالمین هەر لە زەمانی وجودی حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) حەزرەت پێی فەرموو بوو ئەتوو ئەهلی بەهەشتی، لە عەشەرەی موبەشیرین بوو، موبەشەرین وە لەو جەماعەتەی بوو کە موبایەعەیدا پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) لە شجرة الرضوان.

ئیذەن کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تەعامولی لەگەر قورئان کردبی، لەگەر ئەو قانونەی وە بەو نەوعەی تەحویلی کردبی لەبۆ واقیع، دەور و بەرەکەی کە دائیرەی قەریب نزیك لە حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) کە جەمعی صەحابەکان بووینە ئەوان زیاترین نەفەر بووینە کە ئیستیفادە و تەلەذوذیان لە عەطائی موحەمەدی کردبی بە قورئان، لۆیێ کە ئەوانیش ئەو عەطائەیان بەو نەوعەی بووە، ڕەضای خوایان تەحصیل کردییە هەر لە دنیا بووینە پێشی مردنیان بە عەشەڕات ساڵ، بە دەیەها ساڵ پێش ئەوەی بمرن، عومەر لەسەر دنیایە پاشی وەفاتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە سێزدە ساڵ ئەوجا ئەمری خوای دەکا، پێشی مردنی خۆی بە سێزدە ساڵان دەزانی کابرا کە چاوی چوقاند چووە خزمەتی رب العالمین، رب العالمین لێی ڕازییە.

لەو مەجموعەیە کە رب العالمین دەفەرمی: (رضي الله عنهم) ئەوجا پاشان ئەوان: (ورضوا عنه) (البینة ٨)، ئەوەل جار خوا لە وان ڕازییە، بە ڕەزابوونی خوای لەوان ئەوجا ئەوان لە خوای ڕازینە، مەقامیان لەو مستەوایەی بووە، بە چ؟ بە نەوعی تەحویلی حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) لەبۆ ئائەو قورئانەی لە داخیلی خۆی پاشان لەبۆ خاریجی خۆی، کە قەریبترین بازنە نزیکترین بازنە لەبۆیان لەبۆ حەزرەتی صەحابەکان بووینە، صەحابەکانیشی گەیاندتە ئەو مستەوایەی.

لۆیێ تەمەشا بکەین لە قورئان ئەثەری ڕەببانی لە صیغەی تەحویلی قانونی کەون لەبۆ قانونی شەرع و صیغەی تەحویلی لەناو ذاتی پێغەمبەر کمحتوی لەبۆ وەسەط، پێغەمبەر (صلی الله علیه

وسلم) باشترین دەرەجەی هینایە، لۆیێش لە هەموو ئایاتی قورئان لەمسی لەطائیفی ڕەببانی ئیحساسی پێ دەكرێ، كە رب العالمین لەگەر خۆشەویست قسان دەكا وە خاصەتەن لەو مەوضوعەی كە ئەورۆ لە خزمەتتان بەحسی دەكەین ئەویش غەزوەی بەدرە.

ئیعادەكی موعەییەن وە سەریع لەبۆ ئەو غەزوەیەی چونكی نەمتانی لە حەفتەی پێشترێ حەقی بدەمێ، ئەمما دیسان لە ضەوئی قورئانەوە، لە سورەتی ئەنفال، إن شاءالله كە جەنابتان چوونەوە ماڵی موراجەعەی قورئان بكەن بزانن كو رب العالمین موعالەجەی ئەو قەضیەیەی كردییە، موقەدیمەكی موبەسەط ئی دەرسی پێشترێ لە غەزوەی بەدر، گوتمان پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) كە تەمثیلی مەدرەسەی ئیمان دەكا، لەگەر جەمعی صەحابە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) هەموو حالەتەك هەموو وەقتەك ئیرادەی خوای تەحویل دەكا لەبۆ واقیع، لۆیێ هیچ وەقتەك وەحی موباشر ئەو غێر موباشر لێی قەطع نەبووە، عیلاقەی لەگەر ئاسمان هیچ وەقتەك قەطع نەبووە، كە بەحسمان كردییە پێشتر، نووستیشە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ئەمما جیهازی ئیلتیقاطی لەگەر رب العالمین موستەمیر بووە لە ئەخذ وعەطاء.

پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لەگەر ئائەو جموعەی كە بینایانی كردییە، ئەكثەرییە كە بە دەستی خۆی بینایانی كردییە، جەمعی صەحابەی خوصوص، ڕیعایەی ڕەببانی خۆی جل جلاله كە موتتەصیلە موباشیر هەموو لەحظەك لەگەر رب العالمین، رب العالمین خۆی مەوجودە وە مەلائیكەتەكان هەموویان مەوجودن، ئەوەی مەئمورن بە ئموری خاصی موعەییەن، وە لەسەریشیان جوبریل، ئەوە ئەوجە جەمعی صەحابە سێ سەد و قسور نەفەرن ئەوە هەمووی موعەسكەر، بە موقابیلیش كەفەرە(كفر) نزیك هەزار و قسورن، قیچەك كەمتر قیچەك زیاتر، شەیطان خۆی مەوجودە بە ذاتی خۆی لەسەر شكلی ئینسان، وە جنودی شەیطانیش مەوجودن، معەسكەری شەیطانیش بە ئالاف موئەللفە جنودی هاتییە، ئەوانە هەمووی بە مەوعیدەكی ڕەببانی دەگەنە بەرامبەر یەك: (ولو تواعدتم لاختلفتم في المیعاد) (الأنفال٤٢).

ئەمما خودا شتەكی دەوێ دەبی ببی، لۆیێ خڕوجی حەزرەت (صلى الله علیه وسلم) لە مەدینە لەبۆ ئەو مەوقیعەی بە دەستی خۆی نەبووە: (كما أخرجك ربك من بیتك بالحق) (الأنفال ٥)، جیهازی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) عەقلیی نییە، دەماغ نییە، جیهازی كە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) تەحریك پێ دەكا (رب العالمین)ە عەن طەڕیقی مەلائیكەت، یامحمد ئەوها بكە ئەوها حەڕەكە بكە ئەوها نەشاط بكە، هەتتا دەموچاوی پێغەمبەری (صلى الله علیه وسلم) لە دەستە خۆی نەبووە، چاو تروكاندنی بە دەستە خۆی نەبووە.

له فەتحی مەککە کابرایەك قەتلی لەبۆ دەرچووە، ئیعدام، له پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) ئەوە دەبی ئیعدام بکرێ، بە هەر ئوسلوبەکی بی خۆی دەگەینیتە خزمەت پێغەمبەری لۆئەوەی ئیلتیماس دروست بکا و عەفو بکرێ، چەند جارەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ڕووی لێ وەردەگێری، کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) حەڕەکەی دەکرد بە هەموو بەدەنی حەڕەکەی دەکرد، کە دەستی حەڕەکە پێدەکرد بە پەنجە حەڕەکەی نەدەکرد، هەموو دەستی حەڕەکەی پێدەکرد، چەند جارەك پشتی تێدەکا، پاشان ئیزنی دەداتێ تەئمینی دەکا.

دەرسیتکە دێینە سەرەوی ئەو صەحابەیە کێ بووەو وە ئەسەری چ بووە سلبەن لەناو تەئریخی ئیسلامی، کە کابرا دەڕوا ئەمانی دەداتێ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، یەکسەر ڕوو لە صەحابەکان دەکات حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمی: (الم یکن فیکم رجل رشید)، کە ئەمن چەند جار پشتم تێکرد یەکسەر هەربستی شیرەکەی هەڵگری ملی پەلدا، صەحابەك لەوێ ئەبوبەکر دەبی وابزانم دەفەرموی یا رسول الله لۆ ئیشارەتەکت نەکرد، چاو تروکانەکت نەکرد؟ بەس چاوەکت بتروکاندبا ئەمن تێدەگەیشتم، فەرمووی لەبۆ ئەنبیاء نییە بە ئیشارەت تەفاهوم بکەن لەگەر موقابیل، هەمووی بەیانە، هەمووی تەبلیغە بەدەنی، حەڕەکاتی دەموچاوی، لۆیێ نابی قسەك یان حەڕەکەك بکا نەفەرەك بە نەوعەك تێبگا نەفەرەکیتکە بە نەوعەکیتکە تێبگا.

ئیدی دەموچاوی پێغەمبەری، چاو تروکانی پێغەمبەری بەدەستی خۆی نەبووە، ئیللا دەبی عەن طەڕیقی وەحی بی، و تحت رضوان الله بی، لۆیێ تەمەشای غەزوەی بەدر بکەن، لە ناو قورئان تەمەشا دەکەن فیعلەن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وفقی ئیرادەی خوای حەڕەکە و نەشاط دەکا، هەر لە ماڵێ دەرچووە بەبێ ئیرادەی خۆی: (کما أخرجك ربك من بیتك بالحق)، ڕەبی دەری هینایە نەك قەضیەك ئیقتیصادی، قافلەك لەڕێیێ هەیە موخابەڕات مەعلوماتی نەقل کرد لەبۆ حەزرەت، حەزرەتیش وەکو کوتوبی سیرە لەبۆی بەحس کردینە حەزرەتیش تەمەشا دەکا صەحابەی موهاجیر هەمووی قوتی لایموت دەژین، هەموو دەستیان کورتە هەمووی بەستەزمان ئەموالی مەنقولە و غێر مەنقولەشیان لەوێ مەحجوزە لەناو مەککە.

ئیدی ئەبو سوفیان قافیلەکی پێیە دوو سەد و پەنجا هەزار دیناری زێر تەخمین کرایە، قافلەکە یەعنی دەکا نیوەی ئەملاکی جوللی صەحابەی موهاجرینی مەککەیی لە بن دەستی ئەبوسوفیانە، هەر کومکی بگاتێ لێی بستینی ئیستیفادەی لێدەکا و ئەڤەقەڵن ئائەو حالە فەقرە دەست کورتییە زۆرە لە دەرەجە قەطع دەکا لە صەحابە، ئەوە مەفهومی کوتوبی سیرەیە، مەفهومی کوتوبی سیرەیە لە صیغەی دەرچوونی حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) لەبۆ غەزوەی بەدر.

ئەمما قورئان شتەکیتکە طەرح دەکا، موسبەقەن موتتەفقیشین ئەمە سیرە لە قورئان وەربگرین، لۆیێ خۆم بە مولتەزیم دەزانم لە خزمەتتان هەموومان نەقل ببینە خزمەتی قورئان، لۆوەی بتانین فیعلەن حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) کو نەشاطاتی کردییە، ئەوە لەو بابەی، رب العالمین خۆی سەمیعە و بەصیرە و مەوجودە لە حەدەث، خەریتە خۆی دایدەنێ، لۆیێ لە صیغەی تەحویلی تەواجودی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەو مەنطەقەیە پێی دەفەرمی برۆ فلان جێی لە فلان جێی دانیشە، الله ئەمری پێدەکا عەن طەریقی وەحی، وە جبرێلیش وەسیطە و موساعیدە مەلائیکەتیتکەش هەمووی جنودن، هەمووی مەلابسی خاصی خۆیان، تەشکیلەی موعەییەنیان، هەتتا جلکیان، مێزەریان، ئەو ئەسپانەی کە لە سەریانە، مەلائیکەتەکان هەمووی جودانە و ڕاوەستاینە، کوفریش لەو مقابیلەی ئائەو عەدەدە نەوعییە، بە حەیواناتی خۆی بەعەدەد و سیلاح و ئائەوجا ئەو وەختی بلێین رمح بووە، شیر بووە، قەلغان بووە، مودەرەعات دروع کە پێیان بەسترایە.

کوفر بە نیەتی شەڕ هاتییە، ئەمما پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە نیەتی خەیر دەرچووە، نازانین خەیرەکە چییە، حەتمەن لەبەر ئەوەی مەربوطە بە رب العالمین، دەزانی خەیرە قەضییە، لۆیێ کە دەردەچی بێ ئەوەی ئیستیعدادی عەسکەری خۆی وەربگری، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لۆیێ ئەوەی پێیان بووە بە هەموو حەیوان دوو ئەسپیان پێ بووە، سێ سەد و قسور نەفەر دوو ئەسپی پێ بووە، حەفتا حوشتریان پێ بووە، سەد و شێست کیلۆمەتریان قەطع کردییە، بە تەبادولی نەفەر لەگەر نەفەر لەسەر سوار بوونی حوشتر.

حەتتا ذاتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) خۆی و ئیمامی عەلی و صەحابەکی ناوی مەثەدە، هەرسێك پێکەوە لەسەر حوشترەکی تەناوبیان کردییە، جارەك حەزرەت خۆی (صلی الله علیه وسلم) سواری بووە، جارەك مەثەد سواری بووە، پێغەمبەر و ئیمامی عەلی بە پێوە رۆیشتینە، جارەك ئیمامی عەلی سوار بووە، صەحابەکە و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە پێ ڕۆیشتینە، جارەکیش هەرسێك بە پێوە رۆیشتینە حوشترەکە ئیصراحەت بکا، سەد و شێست کیلۆمەتریان بەو نەوعەی قەطع کردییە، ناشزانن لۆچییە، هەر جارڕدرا لەناو مەدینە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: ئەوەی لە خۆی ڕادەبینی بە گەرمان بکەوی، صەحابە لەگەر خۆشەویست بەگەرکەتن، لۆیێ ئیعلانی حەرب نەکرابوو لە ناو مەدینە، چونکی **جوللی** صەحابە صەحابەی خاصەتەن ئەقدەمین کە لە خزمەت خۆشەویست بووینە (صلی الله علیه وسلم) ئەغلەبیان موشارەکەیان نەکرد، نەیانزانی مەقسەدی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چییە، لۆ؟ چونکی موسبەقەن خەریتەکە خوا دایدەنێ: (کما أخرجك ربك من بیتك بالحق).

وه كه دێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەرێیه دەزانی قەضییه حەربە، كه دەگاته مەنطیقەی بەدر ئەو وەختی مەلائیكەت پێی دەڵێ ئەوە حەربە، جەیش هاتییه، ئەوەنده نەفەرەیه، بە هەموو عەدەد و عودەدی خۆی، ئینتیزاری موقابەلەی توو دەكا، كه ئەو خەبەرە دەگاته پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) عەن طەریقی وەحی یەكسەر صەحابەكان جەمع دەكا، بابە جەماعەت قەضیەكی ئەوها ڕویدایه، لۆیێ مەجلیسی ئیستیشاری مەجموعەی موستەشارینی عەسكەری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەوێ چەند نەفەرەك مەوجود بووینه، لەگەری دەست دەكەن بە مودارەسەی قەضییه، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووی ئەوە قوڕەیش هاتینه، هەموو قیاداتیان، هەموو جەیشیان، وە نۆسەد و قسور نەفەرن، عەدەدەكی زۆر حوشتریان پێیه، حەفتا ئەسپیان پێیه، وە بە كامیلی ئەمتیعه هاتینه، ئی حەرب، ئەمەش ئەبەو نەوعەی خۆتان دەبینن، بەو نەوعەی هاتینه، (رب العالمين)یش ئەمری پێكردیمه دەبی شەڕێ بكەم، ئەنگۆ چ دەڵێن؟

نەفسی حال لەبۆ حەزرەتی موسای بووە، ئەگەر قورئانتان مودارەسه كردبی، نەفسی حال، نەفسی ئوسلوب، لەبۆ حەزرەتی موسای بووە عەینەن ئەوها ئیستیشارەی پێكردینه، ئەمما تەماشای ئەوانەی محمد (صلى الله عليه وسلم) له مەككه بە تەجاروبی ئیمانیی بەو قەواعیده ئیمانییەی كه بەحسمان كردییه له دروسی سابیق، ئەو صەحابانەی پێك هینایه، لەگەر ئائەو جەماعەتانەی كه ضەوضاء و فەوضەوی بوون خۆیان بەگەر حەزرەتی موسای دابوو، ئەوان بە چ نەوعەك له ئیمتیحان و ئیختیبار دەردەچن، ئائەو جەمعەی كه پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دروستیانی كردییه كو دەردەچن، هەموو صەحابی موهاجرین هەریەكه رەئی خۆی طەرح دەكا، طەبعەن بە ئەدەب و خولوق، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەر دەفەرمووی جوابم بدەنەوە، مەعرەكه هەیە، خین دەرژێ.

ئەوجا پاشان نەفەرەك له جموعی ئەنصاڕ دەرچووە، ئەویش كأنه دەڵێ یا رسول الله مەقسەدت ئەمەین، دەڵێ بەرێ، دەفەرمووی یاڕەسول راسته ئەمه وەعدمان دایێ و عەهدمان لەگەر كردی له بەیعەی عەقەبەی دووەم، كه لەناو مەدینه موحافەضەت بكەین، ڕیعایەتت بكەین، حیمایەت بكەین، له خاریجی مەدینه بەحسمان نەكردییه، ئەمما ئێستا لەبەر ئەوەی ئیمانمان پێهینای و هەمووش دەزانین ئەوەی دەرێیی حەقائیقه، والله ئەگەر ئەمرت كرد ئەوە بەحره (فخذوها) لەناو بەحرەكەی دەدەین گێشمان لێ نییه، ئایا دەردەچین یان دەفەوتیین: (ولانقول لك كما قال بني اسرائيل لموسى فاذهب أنت وربك فقاتلا إنا هاهنا قاعدون) (المائدة٢٤)، (إنما نقول لك أذهب انت وربك فقاتلا إنا معكم مقاتلون)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مورتاح دەبی.

ئەوجا جوبریل دێ تەوزیعی ئەدوارِ دەکا، فلان فلان فلان فلان ئەوانە هەمووی لە رمح باشن با رمحان باوێن، فلان فلان فلان ئەوە هەموویان لە تیروکەوان باشن تیران باوێن، فلان و فلان بابینە حیمایەی شەخصی توو، ئەتوو خۆت لە فلان مەنطیقەی دادەنیشی، لەوێ عەریشت لۆ دروست دەکرێ، جوبریل دەرێ ئەمنیش ئەوە مەوجودم لەناو سەری مەعرەکە حەرەکەی دەکەم، جوبریل مەلائیکەتە طەبعەن حەرەکەی مەفتوحە لۆی، لەسەری مەعرەکە حەرەکەی دەکەم خەرائیط أولا بأول لەبۆ جەنابت نەقل دەکەم عەن طەریقی لاسلکی، وەحی، ئەتووش ئەمر صادر دەکەی عەن طەریقی ئائەو موستەشارین و خوشصی دەور و بەرت نەقل دەکەی لەبۆ جموعی صەحابە، بەو نەوعەی حەرەکە بکەن.

ئەوە رب العالمین خۆشی مەوجودە، موطەلیعە لەسەر حەدەث، ئەنگۆ ئیحتیاجتان بە بەعزە غەسل و تەشحیم هەیە، رب العالمین سعات فلان زەمان لەبۆتان دەکا، ئەوەندە مەلائیکەتەش هەمووی حازرن، جنود هاتینە خوارێ لە فلان مەنتیقەی ڕاوەستاینە، مەلائیکەتەکان شکلیان ئەوهایە بەصەحابەکانیش بلێ با ئاگایان لێبی، کە ئەو نەوعیەتەیان دیت ئیشکالیان لەبۆ دروست نەبی، ئەوانە دوژمن نینە، و نەفسی کەلیمەی سڕ کە ئەتوو فێرە صەحابەکان دەکەی، أحد أحد، هەر ئەوانیش نەفسی کەلیمەی دەلێن مەلائیکەتەکان.

ئەوە رب العالمین تەعلیمیان دەکا کە کو شەڕ بکەن، لۆ؟ چونکی مەلائیکەت شەڕی نەکردییە، شەڕ نازانی مەلائیکەت، بەس خێر دەزانی، ئەمما لێرە لە قیتال موشارەکە دەکا لە قیتال لەبەر ئەوەی مەلائیکەت قیتالی نەکردییە، لە کولیاتی عەسکەری دەرنەچووە، رب العالمین تەعلیمیان دەکا: (فاضربوا فوق الأعناق واضربوا منهم كل بنان) (الأنفال ١٢)، پەنجەکان، دەزانن ئەوانەی کە مەلائیکەت لەبۆی داندرابوو طەبعەن قائیمە لەکن مەلائیکەت هەیە، کابرای کافر و موشریکیش دەبینی ئەوە کێیە لە پەنجەکانی بدرێ، لۆ؟ چونکی موستەقبەلەن موسلمان دەبی کابرا، نابی بکوژرێ ئەلطافی ڕەببانی هەتتا لەگەر کابرای کافر کووە!.

مەلائیکەت قائیمەی پێیە ئیختیار دەکا، دەزانی ئەوە فلانی کوڕی فلانە ئەوە دەبی سەری پەل بدرێ لە سەری دەدا، فلان کوڕی فلان نەشی گاتێ لەسەر لێ بدا بۆ کسەکی شاپەکی لە پشت دەدا، فلانی کوڕی فلانی موستەحەقی کوشتن نییە ئەمما موستەحەقی تەئدیبە، ئەزیەتی پێغەمبەر و صەحابە و ئیسلامی دایە لۆیێ مەلائیکەتەکان لە پەنجەی دەدەن، ئەوە کێ فێری دەکا؟ رب العالمین، نەك جوبریل، رب العالمین بە مەلائیکەت دەلێ: (أني معكم) الله لەگەر مەلائیکەتە (فثبتوا الذين آمنوا)، مەلائیکەت دەبی تەثبیت بکا.

ئەمما خودا خۆی چ دەکا لەو وەسەطەی ئیشی چییە؟ جل جلاله: (سألقي في قلوب الذين كفروا الرعب)، ئائەوە ئیشی (رب العالمين)ە (أني معكم فثبتوا الذين آمنوا سألقي) چونکی قەضیەکە قەلبە، عایدی مەلائیکەت نییە، ئەها چەند دەرسەکی پێشتریّ گوتمان ئەو قەلبە عایدی (رب العالمين)ە، ئی موئمین و ئی کافر، خۆی رب العالمين موتەحەککیمە پێوەی، هەتا ئی کافریش، خاصصە، ئی خوایە، لۆیێ پێمان گۆتن کافر چونکی ئەصل لە داخیلی هەیە ستری کردییە، لای دایە، لۆیێ پێی گوترایە کافر، لۆیێ رب العالمين نەی گۆتییە با مەلائیکەت تەدەخولی قەلبی بکا، ترسی باوێتە ناو قەلبی، (سألقي في قلوب الذين كفروا الرعب فاضربوا فوق الأعناق واضربوا منهم كل بنان).

ئەوە رب العالمين لە کولیەی عەسکەری خاصصی خۆی جنودی دەرهینا، هاتن، حازرن ئەو جنودانە، رب العالمين خۆشی مەوجودە، هەر ئەوەندەی دەکا رب العالمين؟ نەخێر، (وما رميت إذ رميت ولـكن الله رمى) ئا، لۆ؟ چونکی داخیلی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وفقی قانونی ئیمان، دەرسی پێشتریّ بەحسمان کرد، لەگەر جموعی صەحابە هەرچی مەوجود بووە حضوضی شەیطان و حضوضی نەفس هەموویان دەرهینایە، موجاهیدن لە دەرجەی یەك لەگەل داخیلی خۆیان، لۆیێ رب العالمين دەیانکاتە موقاتیل لە دەرەجەی یەك، کە فیعلەن لە ئەسنای قیتال کە ڕەمیێ دەکا ڕەمی دەکا تەصویب دەکا لە هەدەف نادا حەتمەن سەدا سەد رب العالمين وەدەکا لە هەدەف بدا سەدا سەد.

ئیذەن خودا خۆی موهەیمینە لە حەدەث خودا خۆی مەوجودە، ئەوجا ئەو هەموو جموعە مەلائیکەتە بە ئیشڕافی جوبریل و ئیتکە هەزار مەلائیکەت دێتە خوارێ، عیلمەن جموعی کەفەڕە نۆسەد و پەنجانە تەقریبەن، یەعنی ئەگەر بهاتبا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەگەر جموعی صەحابە هەردەستیان حەڕەکە پێنەکردبا کافی بوو، هەر مەلائیکەتەك بە شیر وەشاندنەك هەریەك مەلائیکەت چونکی هەموویان قەوائیمیان پێبوو کێ بکوژی کێ بریندارکا، هەریەك مەلائیکەت کافی بوو بتانی تەصفییەی هەموو کەفەڕەکان بکا، ئەمما لۆ؟ (وما جعله الله إلا بشرى لكم) بەس، نەتیجە لە دەست کێیە؟ ذاتی الله، هەتا لە دەست مەلائیکەت نییە، (وما النصر إلا من عند الله) (آل عمران ١٢٦)، کەیف؟ قاعیدەکیتکەی هەیە قورئانی رب العالمين دەفەرمی: (إن تنصروا الله ينصركم)، دەبی فیعلەن خودا نەصڕەت بدرێ، ئەوجا خودا نەصڕەتی موئمینین دەدات.

قانونە ئەوە، إن، ئەدات شەرتە، مەوجودە ئەوەی لوغەی عەڕەبی خیندبی، (تنصروا الله) نەشی فەرمووە ان تنصر الاسلام، ان تنصر الفكر الفلاني، أو حزب الفلاني داخل الاسلاميش، نەی فەرمووە ان تنصر الشخصية الفلانية، أو الامام الفلاني، (إن تنصروا الله)، ئەوجا (ينصركم ويثبت أقدامكم) (محمد٧) ئەوە وفقی ئەو قانونەی مەلائیکەت ئیدارەی مەعڕەکە دەکا، ئەمما پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەوەندەی ڕادەوستی؟ نەخێر، لە بەر ئەوەی لە قانونی ئیمانی پێغەمبەر (صلى الله

علیه وسلم) گەیشتە مستەوای مجاهد الاول، لۆیێ هەرچی داخیلی جیهازەکە ئیش دەکا بەملیۆن لەسەد ئیش دەکا، بەملیار لە سەد ئیش دەکا، ئەگەر نیسبەی هەبێ، لۆیێ هەموو ئیبداعات و ئیبتیکاراتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە قیممە دێ.

باوەڕ بکەن بەس غەزوەی بەدر قەطع کەن لە قورئان، وە موقارەنەی بکەن بەهەر حروبەکی ئەورۆ کە لە قیممەی عەقل و ئیدراك و علیم دەکرێ، ناگاتە لە سەدا دەی عەطائی موحەمەدی لەناو غەزوەی بەدر، ئەوجا ئەو حەزرەتە (صلی الله علیه وسلم) بە تەوجیهی مەلائیکە ئیستیطلاعات دەردەینی، خۆی دەبتە موستەطلیع، خۆی لەگەر صەحابەك دەچی موتەنەکیر دەگەڕێ، بزانی فیعلەن ئەخباری قوڕەیش چییە، هەتا دەگاتە کابرایەکی پیر، پیرەمێردەك لە مەنطیقەکی، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەموچاوی خۆی ئاراندییە کەس نەیناسی، لە کابرای ئەعرابی دەپرسی ئەخباری قوڕەیش چییە؟ دەرێ پێت نارێم هەتا پێمنەرێی ئەتوو کێی، چونکی کابرا موشریکە، دە ئەتوو برێ ئەمن دەرێم ئەتوو برێ ئەمن دەرێم، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمی: (نحن من ماء)، مائیش قەبیلەکە لە جەزیرەی عەرەبی.

ڕاستی کردییە (وجعلنا من الماء كل شيء حي) (الأنبياء ٣٠)، کابرای ئەعرابی دەلێ والله مادام وایە ئەمە جیرانین لەگەرەنگۆ، ئەها ئەبوجەهل و ئەبولەهەب و بیست و چار قیادەی قوڕەیش ئەوە لەو چەند سەد مەترەنە، لە دووری ئەو چەند سەد مەترەنە، عەدەدیان چەندە؟ دەلێ عەدەدیان ئەوەندەیە، چەندیان حەیوان پێیە؟ دەرێ ئەوەندەیان حەیوان پێیە، کێ وکێ مەوجودە؟ دەلێ فلانە و فلانە و فلانە وفلانە، هەموو مەوجودە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) مەعلومات وەردەگری دەگەڕێتەوە.

صەحابیتکەش دەنێری تەئکیدکا لە شەخصی دی، لۆیێ صەحابەکان دەگەنە مەجموعە گەنجەك خزمەتکار لە نزیك ئاوی بەدر، ئاوێ دەخۆن یەکسەر صەحابەکان ئەوان بە ئەسیر وەردەگرن، دەیان هیننە خزمەت پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) ئەمما لەبەر ئەوەی بەستەزمان و نەزان بووینە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لێیان دەپرسی عەدەدیان چەندە؟ ئەوانەی کە لەگەریان هاتینە دەرێن نازانین، یەکسەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەبەر ئەوەی جیهازی داخیلی ئیش دەکا عەقل و عیلمی فێر دەکا جیهازی داخیلی ئیمان و جیهاد و هیجرە، کە بەحسمان کرد، یەکسەر دەفەرمووی باشە ڕۆژێ چەند حەیوان سەردەبڕن؟ دەرێ والله ڕۆژ هەیە نۆ، ڕۆژ هەیە دە، ڕۆژ هەیە نۆ حوشتران سەردەبڕن، ڕۆژ هەیە دە.

هەمووی لێك دەداتەوە دەلێ لە هەزاری کەمترن، ئیمان عەقل دروست دەکا، ئەو مێشکە لەبۆ جەبر و هەندەسەیە، لۆ فیزیا و کیمیایە، ئەمما ئێرە[وتاربێژ ئیشارەت لۆ سینگ دەکات] لەبۆ عیلمە،

صەحابە صاحێب عیلم بووینە، ئەوجا ئەو عەقلە ئیش دەکا، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەمووی ئەوانە وفقی تەوزیعی ڕەببانی تەوزیعیانی کردییە جنودەکان، ئەوجا مەوعیدیان شەوە، شەو چ بکا؟ رب العالمین ئیشیتکە بکا لە غەسل و تەشحیم، کوە ئەو غەسل و تەشحیمە؟ کە نووستن بە ئەمری خوای دەنون بارانەکی موعەییەن بباری، باران لە ئاسمانێ بێتە خوارێ لەو صەحڕایەی لەو زەمەنەی، هاوینە ڕەمەزانیشە، خودا ئیش دەکا لەبۆ جەمعی موئمینین ئەگەر فیعلەن موئمین لەگەری بن وفقی ئیرادەی خوای، ئەمما نەك خوا وەکی سوکانی پاری پێوە بنێ و وەکی سەیارەی بهاژورێ والعیاذ بالله، فیعلەن کە خەویان لێدەکەوی رب العالمین: (إذ یغشیکم النعاس أمنة)، ئیصڕاحەت دەکەن ئاو یان بارانەکی موعەییەن دێتە خوارێ، (وینزل علیکم من السماء ماء لیطهرکم به) (الأنفال ١١) ئەوە یەك.

نوقتەی دووەم: هەر لەو ئاوەی (ویذهب عنکم رجز الشیطان) (الأنفال ١١)، هەر خوا دەیکا بە واسطەی ئاوەکەی بە واسطەی بارانەکەی، پاشان (ولیربط علی قلوبکم سألقي في قلوب الذین کفروا الرعب) (الأنفال ١٢) ئەمما بالمقابل لە قلوبی موئمینین چ دەکا؟ کێ دەکا؟ الله جل جلاله، چ دەکا (ولیربط علی قلوبکم) بە واسطەی تەثبیتی قلوب (ویثبت به الأقدام) (الأنفال ١١)، ئەوە هەمووی خوا دەیکا.

ئەها تەمەشای ئایەتەکان کەن: (یغشیکم النعاس أمنة منه) خەولێکەتن، (منه إذ یغشیکم النعاس أمنة منه وینزل علیکم) من ینزل علیکم؟ الله، ئەگەر باوڕ بکەن هەموو لە قەطاتی غەزوەی بەدر بەو نەوعەیە، هەمووی خودا خۆی موتەحەکیمە خودا خۆی مودیرە لە قەضییە، لۆیێ مەعرەکە جارێ طەبعەن باران باری و هەموو ئەوانە لە تەصفیەی داخیلی صەحابەی بوو، بەدەنی رجزی شەیطانیش لاچوو، لۆ سبەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەستا فەرمووی ئێرە جێی کوشتنی فلانییە، ئەوە جێی کوشتنی فلانییە، لە موشریکەکان، لە عەمالیقە، ئەوە عوتبە ئەوە شەیبە ئەوە هەمووی یەك بە یەك جێیەکانی تەشخیص دەکرد، مەوقیعی جوغڕافی، لۆ؟ چونکی هەندەسەی جوغڕافی قەضییە لە دەستی جوبریلە، مەلائیکەتە جوبریلیش موستەقبەلی لە پێش نییە، خەریطەی وجود هەمووی دەبینی ماضی و حاضر و موستەقبەل لەکن جوبریلی یەکە، کە خەریتەکەی دەبینی دەبینی عوتبە لە فلان جێی دەبی بکوژرێ بە دەستی فلانیش دەکوژرێ، فلان موجریم بە دەستی فلان صەحابی تەئدیب دەکرێ، دەستی پەل دەدرێ.

ئائەبەو نەوعەی ئەوجا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) صەحابەکانی هەمووی یەك یەك دەینا دەیگۆ فلان لە فلان جێی دەمری، ئەوە لە فلان جێی دەمری، ئەوە لە فلان جێی، جارێ حەدەث نەبووە ها جارێ حادیثە نەبووە، نەهاتتە جێ دیسان کو ئەوها؟ وە لۆ ئەوها؟ چونکی خۆی رب العالمین

مودیری مودەبیری قەضیەیە، لۆ کەینێ ئەوها دەبی؟ لە جەواب کەینێ فیعلەن موئمین حەقیقەتەن خۆی تەسلیمی رب العالمین کرد، وە قانونی ئیمان و قورئانی بە حەقیقەت، بە صدق، بە ئیخلاص، لەسەر خۆی تەطبیق کرد، رب العالمین دەبتە مودیر و مودەبیری ئیشی، هەمووی ئەبەو نەوعەی.

صەفی کوفریش نەفسی شت تەخطیطی خۆیان دەکەن، تەدبیراتیان دەکەن ئیستیعداداتی خۆیان دەردەبڕن، تەحەکومات دروست دەکەن، ئەمما جوملەی صەحابە بە تەعەبود و بە سەجدە و بە ڕکوع و بە دوعا، هەتا ذاتی خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) ئەوەندە دوعای دەکرد ئەبوبەکر زگی پێ سوتا: (هون علیك یارسول الله و الله ان الله منزل وعده)، رب العالمین کە وەعدی پێدای حەتمەن رب العالمین صادقە لە وەعدی خۆی، (إنا لننصر رسلنا والذین آمنوا في الحیاة الدنیا) (غافر ٥١)، پاشان (ویوم یقوم الأشهاد والذین آمنوا)شی لەگەرە، نەیگۆتییە صەحابە، ها (والذین آمنوا)، موطلەقە قانونی قورئان موطلەقە.

هەر کە موئمین لەسەر کوڕەی ئەرض مەوجودبی هەتا قیام الساعة ئەو قانونە ماشییە، بەس ئەو نەوعیاتە مەوجودبی، ئەو ذەواتانە مەوجودبن، جەمعی جوملەی صەحابە بەو نەوعەی، جوملەی کەفەڕە و موشرکینیش بە عارەق خواردن و بە سەفاهەت مەشغولن، ئەمما ئایا ئەوانیش لە داخیلی خۆیان مەبدەئیان نییە؟ لە جەواب بەڵێ (إن تستفتحوا فقد جاءکم الفتح) ئەبوجەهل مەسئولی بتەکانی ناو مەککەیە ئەویش لە گەریان بوو، لەوێ مەسئولی بتە یەعنی عیلاقەی هەیە لەگەل تەعەبودات و عیبادە، نوێژ و سیقایە و حەجاج طەواف پێکردن و ئەو شتانە، لۆیێ هەر خۆی دەستی برند دەکرد بەینەوبەین لە ناو ئەو رەقص و سەماو عارەق خواردن و دەستی برند دەکرد، دەیگۆ یا رەبی خۆت دەزانی ئەمە لۆچ هاتینە، ئەو موجریمە کافرە دوعای دەکا یا رەبی خۆت دەزانی لۆچ هاتینە، ئەها محمد کان أقطعنا للرحم وە وە وە الی آخرە، هەمووی جون بوو بە پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) یارەبی ئەتوو خۆت دەبینی خۆت موطەلیعی.

یەعنی کابرای کافریش خۆی بەحەق دەبینی، خۆی بە صەحیح دەبینی، لۆ؟ چونکی شەیطان لەبۆی تەزیین کردییە بە واسطەی هەواو شوبوهات، بە واسطەی شەهەواتی داخیل، شەیطان لۆی تەزیین کردییە، لۆیێ خۆی بە حەق دەبینی، دەیەوێ فیعلەن خواش بکاتە معەسکەری خۆی، خوای تەوضیف کا والعیاذ بالله، لەبۆ ئەهدافی خۆی، زیرەکی لێرەیە تەمەککون لێرەیە عەدەد و عودەدی خۆی هینایە هەمووی لە عەینی وەقتیش دەیەوێ قووەی فەوقیش لەگەری بی.

لۆیێ یارەبی دەبینی ئەها محمد چی لێ کردین کو حەیای خۆمان و صەنەمەکانی بردین کە صەنەمەکان هەمووی خۆت دەزانی چەند مەقامیان برندە لەکنە توو، لە دوعایەکان مەقطەعەکی دوور و درێژە ئەو بەحسانە دەکا، ئەوە بەو نەوعەی، کە بووە رۆژ جوبریل ئەمری کرد: الان،

وەقتی حەربە، طەبعەن ئەوان دەفع دەکرێن عەن طەریقی شەیطان، شەیطانیش مەوجودە وەکو بەحسمان کرد عەن طەرِیقی جنودی خۆی، شەیطان شەوێ خەریطەیان لۆ دادەنێ، قسەی گەورە گەورەیان لۆ دەکا: ڕاوەستن بزانی ئەو ئەبوبەکرەی ئەوها پشتی موحەممەدی گرتییە سبەی کو هەردێ، ئەو صەحابەیەی فولانی حوذەیفە ڕاوەستێ بزانێ لۆ بابی کو تەئدیبی دەکەین، بابی لەوێ مەوجودە، هەتا شەیطان بە ناوی سوڕاقە بن مالیك هاتبوو، زەعیمی قەبیلەی بەنی موذریج بوو.

سوڕاقە، کابرایەکی موجریم بوو، شەیطان ئەو شەیطانەی کە ئەمە بە دوژمنی دەزانین بەعزە جار طەبعەن ئەو شەیطانە لەوێ مەوجود بوو، بە هەموو هەیئەتی خۆی لە شکلی بەشەریش، نەسیحەتی دەکردن کەینێ ئینشیقاقەك دروست بوو لەناو صەففی قورەیش، شەوەکەی ئینشیقاق دروست بوو، مەجموعەی زۆر کە خەبەریان لۆهات ئەبوسوفیان بە ئەمان گەیشتە مەککەی، گوتیان بابە لۆ ئەمە خزم و کەس ئامۆزا و خوشکزا و خارۆزای خۆمان بفەوتینین، ئەوانە هەموو ئەقاریبی مەنە، جەماعەتی موهاجرین لۆ بکەوینە خین لە بەینی خۆمان، ئاقری ئەوهایە بگەڕێینەوە، ئەمە لەبۆ حیمایەی قافلەی خۆمان دەرچووبووین، مادام قافلە گەیشتە جێ بە ئیصرِاحەت بابگەرێینەوە، مەشاکیل لۆخۆمان دروست نەکەین باشە وە ئەو صەوتە زۆر بوو ئەو رەئییە زۆر بوو، ئەمما شەیطان بە جێی دێلی؟ فورسەتە، ئەو هەموو مەحاوەلاتەی کردییە (ليقتلوك أويخرجوك أويثبتوك ويمكرون) (ليثبتوك أو يقتلوك أو يخرجوك) (الأنفال ٣٠).

شەیطان خۆی لە قیممەی ئیجتیماع بوو، ئێستا فورسەتەکی لۆ هەرکەتییە ئێهـ ئیحتیمالە لۆخۆی لێبدا مەجموعە صەحابەك خەلەل بینن لە داخیلی خۆیان، ضوعف هەبی، کوو لە غەزوەی ئوحود إن شاءالله لە خزمەتتان بەحس دەکەین، کە فیعلەن خەلەلی جەمعی صەحابە بوو وەیکرد پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەگەر جموعی صەحابە موحاسەبە و ئەزیەت بدرێن، خەلەلی ناو داخلیان بوو، ئیمان، بەشکو إن شاءالله پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خوانەکا والعياذبالله نەتانی بە واسطەی ئەو جەمعە صەحابە کە فیعلەن کوشن موتەکامیل نەبووینە، یەك هەیئە نینە یەك بونییە نینە، خەلەك ببینی شەیطان پاشانیش جنودی خۆی هەمووی تەدریب دەکا و تەئریب دەکا و ڕیعایەیان دەکا و ئەوە هەمووی شەیطان ئیش دەکا لەوبەرەی، کە ڕۆژ بوو ئیلتیقاء دروست بوو فیعلەن رب العالمین بە هەموو تەضاریسی مەعرەکە.

طەبعەن ئەغلەبتان خیندیتتان جموعی صەحابە نەصرِیان هینا، کەفەرِش بەو هەموو عەدەد و عودەدە بەبن کەت، خەذەلانی هینا، لۆ؟ چونکی قانونی نەصرِ لە سەریان تەطبیق دەبوو: (إن تنصروا الله)، لەو ئوسلوبە حەکیمییەی کە مەلائیکەت فێری پێغەمبەری کرد (صلى الله عليه وسلم)، ئوسلوبەکی تازەیە لە قیتال، عەرەب بەخۆیەوە نەزانییە ئەو ئوسلوبە، ئەویش دروست کردنی

صفوف، طەبعەن بەحسمان کرد قەوائیم لە دەست صەحابەی مەوجودە تەخەصوصی مەعڕەکە لە دەست صەحابەیە، فلان صەحابی ئەوها بکا فلان ئەوها بکا، حەتتا مەلائیکەتەکە دەیزانی مەثەلەن فلان صەحابی فلان صەحابی فلان نەفەری دەکوژی، فلان موشریکی دەکوژی، داندرایە فلان مەلائیکەت موشاریك بی لە کوشتنی، ئائەوەشیان دەزانی.

چونکی پاشی گەڕانەوەی دوو صەحابی ئیشکالیان کەتە بەینێ کێهانیان ئەبو جەهلیان کوشتییە؟ کیهانیان کوشتیتیان، ئەو کوشتیتی یان ئەو کوشتیتی، هاتنە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ئەسنای قسە گۆتنەکە بە پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) یا رسول الله کێهانمان کوشتیتمان؟ موناقەشەیان بوو، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئیبتیسامەی کرد تەمەشای جیهەك دەکا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێشدەکەنی، صەحابەکە هەردووك راوەستانە، یا رسول الله تەمەشای ئەو جێیەی دەکەی و پێشدەکەنی؟! فەرمووی: بەڵێ، جوبریلیش راوەستایە جوبریلیش ئیدیعای کوشتنی دەکا دەرێ ئەمن کوشتیتم، ئەوجا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) حوکم دەکا، دەرێ هەرسێکتان کوشتیتتان.

فلان طەبعەن شریت لە پێش چاوی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مەوجودە دەبینی بە موفەصەلی، فلان صەحابی خۆی داوێتە سەری، ئەو لەسەر حەیوانی بووە، دەیهینتە خوارێ، لە ئەسنای هینانە خوارێ شیرەکەی لەمل دەدا ئەمما نەمردییە جارێ، پێش ئەوەی بێتە خوارێ کابرا عوتوڵلە، ضەخمە، جوبریل شاپەکی لێ دەدا لە پشتی بەو شاپەی دەکەوی، هەتا دەکەتە سەر صەحابەکەی، پاشان صەحابەکە قیتی دەکاتەوە شیرەکی لێ دەدا نامری بەو شیرەی، لە دووڕڕا یەك دێ، ئائەو صەحابەیەی کە ئێستا لە موناقەشەیە لەگەل صەحابەی یەکەم، لە دووڕڕا دەرێ ڕاوەستە با ئەوەی منیش حەضی منیشی تێدابی، ئەویش خەنجەری خۆی دەوەشینی، ئیذەن هەرسێك داخیلن لە کوشتنی ئائەو موجریمەی، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فلیمەکە دەبینی، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ئەسنای حوکمدان دەلێ باشە ئەنگۆ مولاحەضەی ئەوەتان نەکرد وەکی کوشتتان پێش ئەوەی بەجێی بێلن نەتاندیت لە پشتی جێی دەستەك هەبوو، لە جلکەکانیشی دەرچوو بوو لە درعیشی دەرچوو بوو؟ درع مس بوو پان لە عورضی دە سانتیم پازدە سانتیم لە خۆیان دەئاراند درێژ بوو لە خۆیان دەئاراند، لۆوەی ئەگەر شیری پێبکەوی یان رمحی پێ بەکەوی یان تیری پێ بکەوی بگەڕێتەوە لێی.

هەر یەکە دەولەمەندەکان خاصەتەن لە مس ئائەوشتەیان لۆخۆیان دروست دەکرد، لە پازدە سانتیم لە بەرینی، درێژیش لە خۆی دەئاراند، شیریشی پێبکەتبا قرچەی دەهات، چونکی حیمایەیە لۆ گۆشتەکە، گۆتی مولاحەضەی ئەوەتان نەکرد کە کەتبو لەسەر ئەو هەموو درعەی لەسەر ئەو هەموو مسەی

جێی دەستەك هەبوو لە پشتی؟ لەسەر گۆشتی؟ گوتیان بەڕێ والله یارسول الله، گۆتی ئەوە ئی جوبریلی بوو کە کو لێیدا وەکی طەمغەی لەسەر طەبق بوو.

(فثبتوا الذين آمنوا) (الأنفال ١٢) ئائەوە ئیرادەی خوایە، وە قەناعەتتان هەبی ئەو هەموو حەڕەکە و نەشاطە وەکو کاسێتییە، کەینێ ئەو کاسێتە باوێیە سەر تەسجیل نەفسی ئیشی خۆی دەکا، نەفسی قسەی دەکا، ئەوە ئەو کاسێتەیە بەس تەسجیلەك هەبی، بەس موئمینەکە هەبی بچتە ناوی، ئەوە نەفسی ئیش دەکا، نەفسی ئینسان نەفسی عەمەل دروست دەکا نەفسی حەیەوییەت دروست دەکا، چونکی ئەوە[مەبەستی(قورئان) موصحەفە کە لە دەستیتی مامۆستا] مردی نییە ئەوە کەلیمات نییە ئەوە (کلام الله)ە، ئەمما فیعلەن ئەو داخیلە هەبی ئیشی تێدا بکا، نەخۆ فیعلەن ئەوە طەبعەی سورییە ئەوە طەبعەی عێراقییە ئەوە طەبعەی سعودییە، وەرەقاتە، ئەمما بەس قەلبی دەوێ، موئمینی دەوێ ئیشی لەناو بکا.

بەو نەوعەی جەمعی صەحابە نەصرِیان هینا، ئوسلوبی مەعرەکەی کوفر خەلەل زۆر بوو طەبعەن هەر لە شیرك و هەر لە فسق و فەساد و فجور، ئەوجا عەسکەرییەنیش خەلەلیان زۆر بوو، هەر قەدیمەن لە کەڕوفەر شەریان کرد قیادەیان نەبوو، فەوضایەك بوو، کابراش ناهەقی نییە، مەثەلەن سوراقە بن مالیك، حارث بن هیشام، موشریکە، لەوێ ڕاوەستایە لە شەر ئەوە قیاداتن لە پشتەوەن جارێ، هەر کە دیتی سوراقە بن مالیك ملی لێنا هەرێ لۆ پشتەوە، سوراقە لە پێشی ڕاوەستایە، حارث لە پشتی وی ڕاوەستایە، سوراقە بە خۆی نەزانی حارث لە پشتیتی کە سوڕاوە لۆ هەراتنێ خۆی لە حارثیدا، حارث کەتە عاردی، قیادییە، یەکسەر دژداشەکەی گرت، کێوە هەردێی؟ گۆتی: نازانی ئەمن چ دەبینم؟! بەستەزمانەی حارث نازانی ئەوە شەیطانە، نازانی ئەمن چ دەبینم کە ئێستا لە ئاسمانێ دێتە خوارێ؟

ئەها شەیطان (وإني جار لكم) (الأنفال ٤٨) هەر لە سوڕەتی ئەنفال مەوجودە، (فلما فلما تراءت الفئتان نكص على عقبيه) (الأنفال ٤٨) هەرات، لە شکلی بەشەر هاتبوو شەیطان، ئەو هەرات هەراتە دروست بوو کەس بەکەس نەبوو، کابرای موشریك تەمەشا دەکا فیعلەن ئائەوانەی لە گەریان بە شەڕدێ شیر شیرانێ دەکا، ئەوە نە ئەنصارییە نە موهاجیرە، باشە محمد تەعاهودی عەسکەری لەگەر کەس نەبووە! چ قەبیلەك نەبووە، ئەسپەکانیان لە ئەسپی صەحابەی ئەنصار و موهاجرین ئی خۆشیان برندترن، هەمووش یەك نەوعە بەستن بەستیتیان سەریان، ئەو بەستنە نەوعییە لە حیجاز کەم بووە، هەموو یەك نەوعە بەستن بەستیتیان هەمووش سەریان سپییە، عەلامەتی سپی هەر یەکیش عەلەمی خۆی پێیە سپی، بە دەستەکی شەڕێ دەکا بە دەستەکی عەلەمەکەی گرتییە، ناشگەڕێتەوە، کە خۆی لە حەیوانی دەدا حەیوان دەکەوی ئەو حەیوانی ناکەوی، کە خۆی لە بەشەری دەدا لە موشریك

دەدا موشریکەکە دەکەوی ئەو ناکەوی، موشریك شیری دەوەشێنی لەوی بدا، شیرەکە دەستە ناو بەدەنی ئەو نامری، تیری پێدەکەوی بەدەنی کونبەدەر دەبی، بەدەنی هیچی لێ نەهاتییە کابرا، ئەوە هەموو جەمعی مەلائیکەیە، موشریك ئەوەی دەبینی.

کە مەعرەکە ئینتیهای پێدێ پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) جموعی موشریکین لە کێندەرێ بالتحدید بە سانتیم جێیانی لەبۆ تەخصیص کردبوو هەموو لەوێ یەك یەك، صەحابەکان دەرێ بزانن ئەوە فلان بوو ئەوە فلان بوو، دە قۆرتەکیان لۆ لێدەن هەمووی لەوێ دەفن کەن، پاشانیش مەجموعە صەحابە ئەوانیش شەهید بووینە چار نەفەر، ئەویش دەفەرمی ئەوە مەقامی فلان جێیە لە جەننەت، ئەوە مەقامی فلان جێیە لە جەننەت، پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەبینی ئەها صەحابەکە لەگەل حورالعین مولاقات دەکا، پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەبینی فلان صەحابی ئەوە گەیشتە فلان مەرتەبەی، فلان صەحابی فلان مەقامی درایێ، ماتەبەقا ئەوانیتکەش کە بریندار بووینە ئەوانیش پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) فەرمووی: ئەنگۆ (افعلوا ماشئتم)، ئەی ئەوانەی لە غەزوەی بەدر بریندار بووینە ئەی ئەوانەی لە غەزوەی بەدر موشارەکەتان کردییە، خودا ئەمری پێدان، چتان کرد لە گوناهـ لە ذەنب ها نەك لە مەعصییە و ئیثم، لە ذەنب چتان کرد لێتان خۆشبووم.

(أفعلوا ماشأتم فانی قدغفرت لکم)، لۆ؟ قاعیدەی ئیمانیان تەطبیق کردییە، گەیشتینە موستەوای موقاتیل، جیهادیشی قەطع کردییە، مەرحەلەی جیهاد، ذەنب جودایە مەعصیەت جودایە لە قورئان، صەحابەکان لەو مستەوایەینە، شەر نهایەتی دێ حەفتا ئەسیر دەگیرێ، مەلائیکەت زۆربەی گرتییە، ئەوانە هەمووی فیعلەن دەبنە قوواتی ئیسلامی لە موستەقبەل، حەفتا کوژرایان هەیە، غەنائیمەکی زۆر ئیرتیباط و ئینضباتەکی زۆر لەناو مەعرەکە.

بەعضە لەقەطاطی ئیمانیی لەناو مەعرەکەی، پێشی تەقریبەن مەجموعە دەرسەك لە خزمەتتان بەحسی ئەوەمان کرد، لە بەیعەی عەقەبەی دووەم عەباس مامی پێغەمبەری مەوجود بوو، لە بیرتانە گوتم ئەوە تەمثیلی دائیرەی ئەمنی پێغەمبەری دەکرد (صلی الله علیە وسلم)، مەسئولی عیلاقاتی خاریجی بوو ئەو وەختی، ئێستا لەو غەزوەیەی لەگەر جەماعەتی موشریکین هاتییە گیرایە بە ئەسیر، پێش ئەوەی بە ئەسیر بگیرێ پێش ئەوەی موشارەکە بکا لەناو غەزوە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) قەراری دەرینا کە عەباستان دیت کەس نەیکوژی، کە ئەسیریشتان گرت زوو بیهێنن، فیعلەن عەباسیان دیت نەیانکوشت، ئەوە دائیرەی ئەمنی پێغەمبەرە (صلی الله علیە وسلم).

عەن طەریقی عباس لەسەر عارد تەقاریر لەبۆ پێغەمبەری دێ، بە واسطەی مەلائیکەتیش لە ئاسمانەوە تەقاریر لەبۆ پێغەمبەری (صلی الله علیە وسلم) نەقل دەکرێ، عەباس تەمثیلی ئەو دەورەی دەدیت، لۆیێ کە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دیتی عەباس لەناو لائیحەکەی مەوجودە مەلائیکەت

پێشانیدا فەرمووی کەس عەباس نەکوژی لەگەڵ صەحابیەکیتکە أبو البوحتري ئەویش نەفسی دەوری دیتییە، ئەوانە هۆردوك خەتمائیل بووینە لەناو مەککە، تەقاریر مانگ بە مانگ بزانی بە وەقت بە وەقت هەمووی نەقل کرایە لەبۆ ذاتی حەزرەت (صلی الله علیه وسلم)، ئەوە مەعلوماتی ئەرضی، ئەوە هەمووی دروسە لەبۆ جەمعی موئمینین.

مەثەلەن ئیمامی عومەر دوو جار گەیشتە بەرامبەر خاڵی، ناوی عاص بن هیشام بوو، عاص نەیدەویست شەڕ لەگەل ئیمامی عومەری بکا ئەمما لەبەر ئەوەی ئیمامی عومەر، عومەرە کە خوا دەیناسی، یەکسەر خۆی دابەرامبەری بووە شیربازێن و لێیداو کوشتی، یەکسەر رب العالمین نەوطەکی خاصیدا ئیمامی عومەر لە سەر کوشتنی خاڵی کە زۆر خۆشی دەویست.

ئەبوبەکر گەیشتە بەرامبەر کوڕی، لۆیێ لە موذەکەڕاتی کوڕی کە ناوی (عبدالرحمن)ە پاش موسوڵمان بوونی، طەبعەن موسڵمان دەبی لە مەدینەی دانیشتینە ئەبوبەکریش دانیشتییە لە خیلافەی ئەبوبەکری کوڕەکەشی عبدالرحمن دانیشتییە، طەبعەن پاشی غەزوەی بەدر کابرا موسڵمان بوو بە چەند غەزەواتیتکە، ذیکرەیاتی خۆی بەحس دەکا دەرێ بابە لە فکرتە لە غەزوەی بەدر کەتینە بەرامبەری یەك بزانێ ئەمن چەند بەڕەحم بووم لەبەر کوڕاتی و باباتی نەمکوشتی، یەکسەر دەرێ والله کوڕم درۆیێ دەکەی ئەمن زۆرم موحاوەلە کرد بتکوژم ئەمما هەردەهاتی ئەتوو، مەوقیفی ئیمانیی! کوڕیتی! جەرگیتی! جەرگیتی ئەمما ئیمان ئەوهای دەوێ بیکوژی، کەتە بەرامبەری دەیکوژی، ئەمما هەرات.

لە ئەسنای شەڕ کردنێ صەحابەك هەبوو ناوی عوکاشە بوو رضي الله عنه، شیری شکا، قائیدی مەعرەکە کێیە؟ رسول الله، مەصدەری سیلاح رسول الله پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم)، سیلاحی پێ نییە لەبۆ وان ئەو هەمووانە، یەکسەر چووە خزمەت پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) یارسول الله شیرم شکا، چیلکە دارەك لەوێ هەبوو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) برندی کرد دایە دەستی، تەمەشای کرد دارە ئەمما ئیمانی پێ هەیە، ئەوە پێغەمبەرە کە (وما ینطق عن الهوی) (النجم ٣)، هەر چ حەرەکەش دەکا لە هەوای نییە، وەحییە، یەکسەر چیلکە دارەکەی هەرگرت تەمەشای دەم و چاوی پێغەمبەری نەکرد، ئەوە دارە، لە دەمو چاوی تەعابیر بکا بابە ئەوە دارە ئەو شەڕی پێناکرێ ئەمن سەیفم شکایە، ئاسنە، بەو دارەی کو شەڕ دەکرێ، سێ و دووەك لەناو داخیلی خۆی بکا، یەکسەر کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چیلکە دارەکەی دایێ، هەری گرت و هجومی کرد، تەمەشای کرد و هجومی کرد لەناو مەعرەکە تەمەشا دەکا بوویتە نەوعە سەیفەك وەختی وەفاتیشی گۆتی لەناو قەبرم دانێن، سپیترین سەیف سەبیکەی خاصی موعەییەن بوو لە هیچ غەزوەك نەشکا.

صەحابەکیتکە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە صەحابەکانی تەصفیت دەکرد یەك بە یەك، (وەکی مامۆستای خوا ئەجری بنووسی تەصفیتمان دەکا زۆر جار لە نوێژی عەصر یان نوێژە کانیتکە)، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەوهای لەگەل صەحابەکان دەکرد، چیلکە دارەکیتکەی پێبوو بە صەحابەکەی دەگۆ بکشێوە، فلان ئەوەندە وەرە پێش، فلان بکشێوە، صەففەن ئایەتەك هەیە: (یقاتلون في سبیله صفا کأنهم بنیان مرصوص) (الصف ٤)، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەوە رب العالمین فێریانی کردییە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەوەی تەطبیق دەکرد لەناو غەزوەی بەدر.

صەحابەك بەژنی کورت بوو قیچەك، کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دارەکەی بەس سکی وەنا قیچەك بچتە پاش، تەقریبەن بستەك هاتبووە پێش، یەکسەر گۆتی ئەی ئەزیەتت دام یا رسول الله، ڕاوەستا فەرمووی: قف بی یەعنی لێمگەڕێ با تۆرەی خۆم بکەمەوە نەخۆ گەردەنت ئازا ناکەم، صەحابەکی گەنجە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەزیەتی زگی وی دایە چ بکا؟ ئەبوبەکر لەولای هاتە دەرێ گۆتی: ئەوە پشت و زگی من، گوتی نەخێر لە ذاتی پێغەمبەر، ئیمامی عومەر هات گۆتی: ئەمە بە حەیزەرانی بە چ دەکەی؟ گۆتی: نەخێر بەس ذاتی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم)، یارسول الله زگت بکەوە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) جەنابی موبارەکی زگی موبارەکی خۆی دەرهینا، یەکسەر کەتە سەر زگی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) دەستی کرد بە ماچ کردنی، فەرمووی ئەوە ئەخیر لەحەظاتمە لە ژیانم تەمەننا دەکەم بەس جلدم لێوم بە جلدی موبارەکی جەنابت بکەوی، لۆوەی ببتە بیطاقە عنداللە رب العالمین عسی ولعل رەحمم پێ دەکا، ئەو لە قەطاتانە هەمووی لەناو غەزوەی بەدر بووە.

لۆ بەو نەوعەی بووینە؟ چونکی بەو نەوعەی بینا کراینە، بەو نەوعەی دروست کراینە، لۆیێش رب العالمین ئابەو نەوعەی ثەمەرات دروست دەکا لەبۆیان، ئەوجا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پاشەوی سێ شەو ما لەوێ لەو مەنطیقەیە، ئەوجا ئینسیحابی کرد، موصعەب بن عومەیر برای ئەسیر گیرایە، ناوی ئەبو عوذەیرة ئەبو عوذەیر بن عومەیر، صەحابیەك ڕایدەکێشی، موصعەب بە تەنیشت صەحابیەکەی داچو گۆتی: برام چاکی ببەستە توندی کە داکی ملیۆنێرە، ئەبو عوذەیرة بەجواب هات گۆتی: ئەمن براتم یان ئەوە؟ گۆتی: دەنگێ مەکە ئەتوو، ئەو برامە، (إنما المؤمنون إخوة)(الحجرات ١٠).